کۆشکی سپی
نوسینگەی سکرتێری ڕۆژانەمەوانی

17ی حوزەیرانی 2015 — بۆ بڵاوکردنەوەی دەست بەجێ

بەیاننامەی سەرۆک ئۆباما بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانی پیرۆزەوە

لەکاتێکدا کەوا مانگی ڕەمەزان دەست پێدەکات, مێشێڵ و خۆم سلاوی گەرمی خۆمان بۆ هەموو ئەوانە دەنێرین کەوا بە ڕۆژو دەبن لە سەرانسەری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو جیهاندا.

ڕەمەزان مانگێکە کەوا تیایدا خانەوادەو کۆمەڵگاکان کۆدەبنەوە بۆ خوانی بەربانگ و نزاکردن لەکۆبونەوەیەکی ئاهەنگ ئامێزدا کەوا دەرخەری دەوڵەمەندی و هەمەچەشنەیی کۆمەڵگای موسوڵمانان و کەلتورەکەیانە.

ڕەمەزان هەروەها کاتی پێداچونەوەی قوڵی ڕۆح و نوێبونەوەیە بەئامانجی زیادکردنی سوپاسگوزاری و پێز انینی بەخشندەیی خودا. موسوڵمانان ڕێز لەهەر ڕۆژێک لەڕۆژەکانی ڕەمەزان دەگرن وەک ڕۆژی هێزی ئارامگرتن لەڕێی بەڕۆژوبونەوە. وەهەرشەوێکیش وەک شەوی سوپاسگوزاری لەڕێی نزاکردنەوە. کاتی بەهێزکردنی باوەڕو بەخشندەیی و لێبوردەیی و ئارامگرتنە لەڕێی ڕوبەڕوبونەوەی ناڕەحەتیەوە. لەم مانگی بەخشینەوەیەدا, موسوڵمانان لەسەرانسەری جیهاندا کۆمەکی ئەوانە دەکەن کەوا توشی نەهامەتی بون بەهۆی دوبەرەکی و برسێتی و هەژاری و نەخۆشیەوە. لێرەش لەویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا, موسوڵمانانی ئەمەریکا هاوشانی هاونیشتیمانیەکانیان دەکەن لە خزموتکردنی نەهامەتباران و میواندارییکردنی چالاکی لەنێوان بیروباوەڕەجیاوازەکان کەتێکەیشتنی هاوبەش بنیات دەنێت و بەبیرمان دێنێتەوە کەواهەمومان شانبەشانی یەکتر ڕادەوەستین وەک یەک خانەوادەی ئەمەریکی. هەمەچەشنەیی و نیشتیمانپەروەری کۆمەڵگا ئایینیەکانی ئەمەریکا هێزمان دەداتێ. وەهەروەها ئازادیمان لەپەرستن ئەو بەهایانەمان بیردێنێتەوە کە ئێمە هەمانە.

جارێکی تر موسوڵمانانی ئەمەریکی بەخێردێنم بۆ نەریتی ساڵانەی خوانی بەربانگ لەکۆشکی سپی بۆ ڕێزگرتن لەمانگی ڕەمەزان و لەخزمەتی موسوڵمانە ئەمەریکیەکان لەسەرانسەری وڵاتەکەدا. پیرۆزبایی هاتنەوەی ڕەمەزان لە خانەوادەکەی منەوە بۆ خانەوادەکانی ئێوە.